

کاکەیی زادە

# خەواجە -حافز-ی شیرازی

بەشی دووەم

ئەگـەر امـام جـمـاعت طلب كند أمـروز

خبر دهيد كه حافظ به مى طهارت كرد

واتە: ئەگـەر ئەمرۆ پێش نوێژی جەماعەت داوایەک بکات، پێی بڵێن کە حافز بە مەی دەستنوێژی گرتووە.

دوش أز أين غصـه نخفتم كه رەفيقى مى گفت

حـــافظ أره مـــست بود جـــاى شكايت دارد

واتە: دوێنێ شەو لە خەفەتدا نە خەوتم کە هاوڕێی مەی دەیگوت ئەگەر حافز مەست بێ جێی شکاتە.

امـام خـواجـه كـه بودش سـر نماز دراز

به خون دختر رز خرقەرا قصارت كرد

واتە ئیمامی گەورە و بەڕێز کە نیازی نوێژی درێژی هەبوو بە خوێنی کچی رەز "دار رەز کە ترێی لێ دەبێت بە شەراب" خەرقەی کورت کردەوە.

لێرەدا بەندە پێم وایە: لە نێوان دراز و قەصارت "درێژی و کورتی"دا هاوواتایەکی زۆر جوان هەیە، کە شاعیر چواندوویەتی ئەویش نوێژی درێژ "کینایەتە لە عیبادەتی بە سۆز" بەرامبەر قەسارەت خەرقە "کە بەهۆی ئاوی شەرابەوە کە "مەی"یە، خەرقە هەڵکیشی ئاو بوو بێت "چووبێتە ئاو" نەک وەکو شەرحەکانی حافز کە قەسارەتیان بە شوشتن و پاککردنەوە لێک داوەتەوە، وا بزانم واتای قەسارەت زۆر روونە نابێت لە سەر خوێنەرێکی ساکاریشدا تێ پەرێت نەوەکو رەخنەگران و شرۆڤەکاران.

غنيـمت دان مى خـــور در گلســتـان

کــه گل تا هـفــتــەى ديگر نبــا شــد

واتە: بە هەلی بزانە و لە گوڵزاردا مەی بنۆشە، چونکە تا هەفتەیەکی تر گوڵ نامێنێت.

لێرەدا خەواجە گوزەران و خۆشی و بەسەربردنی کات لە کاتی خۆیدا بە هەل دەزانێت و نایخاتە رۆژێکی تر، چونکە هەل رەخسا دەبێت لە دەست نەدرێت.

ئەو وێنە بێ هاوتایانەی خەواجە دروستی دەکات:

خەواجە کاتێک وێنەیەک بە وشە دەکێشێت وەکو وەستایەک زۆر بە کارامە وردەکارییەکانی بەیەک دەبەستێتەوە، بەشێوەیەک وەکو نیگارکێشێکی لێهاتوو وێنەکانی جولە و جۆش و خرۆشێکی زیندوو دەکاتە بەر دیمەنە جوانەکانی، ئەمەیش بنەمایەکی

سەرەکی سەبکی داڕشتنی هۆنراوەیە کە حافز بە وردی پەیڕەوی کردووە.

لێرەدا چەند نموونەیەک دەخەینە روو کە شاعیرمان بە ناسکترین هەست وێنەی بێ هاوتای دورست کردووە.

صد جوی آب بسته ام أز دیده دەرکنار
بر جوی تخم مهر کە در دل بکا رمت

واتە: سەد جۆگەی ئاوم بە کەناری چاومدا بەستووە، بەو هیوایەی کە "تۆ"ی خۆشەویست و ئەمەک لە دڵتدا بچێنم.

جگە لەوەی کە خەواجە فرمێسکی بە زۆر رشتنی بە جۆگە ئاوێک چواندووە، لە کەناری چاویدا هەشاریشی داوە، چاوەڕوانی "تۆ"یە کە بەو ئاوە بێتە رواندن.

تا دامن کفن نکشم زبر پای خاک
باور مکن کە دست ز دامن بدارمت

واتە: تاوەکو داوێنی کفن رانەکێشمە ژێر پێی خاک، باوەڕ مەکە کە دەست لە داوێنی تۆ هەڵگرم- لە جیاتی ئەوەی بڵێ تاکو مردن دەست بەردانت نابم، جگە لەوەی کە وشەی "دامن" لە دامەنی کفن و دامێنی بدارمت، جناسێکی جوانی دروست کردووە.

بیا با سر زلفت قرار خواهم کرد
کە گر سرم برو ندارم أز قدمت

واتە: وەرە لەگەڵ سەری زوڵفتدا پەیمانێک ببەستم، کە رمیش تێدا بچێت سەر لەبەر پێت هەڵنەگرم.

لێرەدا ئاماژەیەکی نەبینراو هەیە کە سەری زولفی یار دەگاتە بەر پێی بۆ درێژی پرچی یارەکەی، جگە لەوەی کە پەیمانەکەی بە درێژی تەمەنی دەپارێزێت.

سواد لوح بینش را عزیز أز بهر آن دارم
کە جان را نسخەیی باشد ز نقش خال هندویت

واتە: من ئەگەر گلێنەی چاوم خۆش دەوێت، لەبەر ئەوەیە کە لە خاڵی رەشی تۆ دەچێت، وەکو دانەیەک لە خاڵی رەشی تۆیە کە لای گیانم خۆشەویستە و لە چاوانمدا هەڵم گرتووە.

لە جیاتی ئەوەی بڵێ تۆم لە چاودا هەڵگرتووە، وەسفی چاوی خۆی دەکات، پاشان یارەکەی لەبەر خۆشەویستی لە چاواندا هەڵدەگرێت.

گەورە رەخنەگران تاوەکو ئێستا سەریان لە هەندێ بەیتی حافز سوڕماوە کە چۆنی لێک

بدەنەوە، کە زۆر تەفسیر وەردەگرێ، لێرەدا تێ نەگەیشتن لە مەبەست بووەتە رەخنەگرتن، لەوەیە تەنیا وشەیەک شێوازەی واتا و مەبەستەکە بشێوێنێت یان دووربخاتەوە ئەم بەیتەیش نموونەیەکە هەڵم بژاردووە.

چشم حافظ زیر بام قصر آن حوری سرشت

شیوەی جنات تجری تحتها الانهار داشت

واتە: لە ژێر بنەبانی کۆشکی ئەو سروشت "پەری"یە شێوەی «جنات تجری من تحتها الانهار»ی هەبووە. رەخنەگران رەخنەیان ئەوەیە کە "زیربام قصر" دەبووایە "زێر قصردا" بووایە، چونکە رووبار بە ژێر کۆشکدا دەڕوات نەوەک بە ژێر سەقفی کۆشکدا.

بەندە پیم وایە واتای بەیتەکە ئەوەیە: کە حافز چاوی بڕیوەتە کۆشکێکی بەرز حوری ئاسا و لە چاوانیدا فرمێسک رووبار ئاسا بە ژێریدا دەڕوات، واتا لێرەدا "بام" تەنیا سەقف ناگرێتەوە کە رەخنەگران تێدا کەوتوون، بەڵکو واتای ئاسمان و بەرزییش دەگرێتەوە، بەم پێیە واتاکەی روون و ئاشکرایە و بەرسەیاندا تێ پەڕبووە. پاشان خەواجە هێندە ساکار نەبووە لە دەربڕین کە ئاو بە ژێر سەقفی کۆشکدا وەسف بکات.

ای بستەی توخندە زدە بر حدیث قند

مشتاقم أز برای خدا یک شکر بخند

واتە: أی "فستق" دەم بە قسەی شەکر گاڵتە دەکەی، پەشێوم بۆ خاتری خوا، هێندەی ماوەی ماچێک پێ بکەنە.

بڕوانە حافز چۆن وەستایانە بە ئەندێشەیەکی دارێژراو ئامانجی خۆی دەخاتە روو بە پێچەوانەوە مەبەست دەپێکێ.

تا لشکر غمت نکند ملک دڵ خراب

جان عزیز خودرا به نواصی فرستمت

واتە: تاوەکو لەشکری خەمت وڵاتی ئاوەدانی دڵمی وێرانە نەکردووە گیانی ئازیزی خۆمت بۆ وەکو بارمتە ئاراستە دەکەم.

لێرەدا خەواجە دەترسێ هێرش بکەنە سەری، کەچی بارمتەش دادەنێ دەبووایە خۆی داوای بارمتەی بکردایە لە مەعشوق، هەر بۆیە یاساکەی پێچەوانە کردووەتەوە، ئامانجەکەشی بە شێوەیەکی تایبەت پێکاوە، ئەمەیش تایبەتمەندیی حافزە و وێنەیەکی بێ هامتایە و حافزییە.

عكس رووی تو چو بر آینەی جـام افتـاد
عـارف از خندەی می در طمع خـام أفتـاد

واتە: کـاتێ وێنەی تـۆ کـەوتە سـەر ئاوێنەی پێکەوە، عـارف لە خـەنـدەی مـەیەوە کـەوتە نێو ئومێدی ناکامی هـەزرەوە.

ئەم بەیتە بەم شێوەیە شرۆڤە کراوە، بەهۆی ئەوەی کە وێنەی رووی تۆ کـەوتە سـەر جامی شـەراب، بادە رووناک بووەوە، عارف بە ئومێدی ئەوەی کـە هـەمیشـە وێنەی رووت بکەوێتە سـەر بادە کەوتە بادە نۆشینەوە، ئەم بۆچوونە دوورە لە مـەبەستی حـافز، پێم وایە ئەگـەر بە وردی بڕوانینە واتـا وشـەکانی "طمع – خـام" بۆمـان دەردەکـەوێت کە حـافـز دەڵێت: کـاتێک وێنەی رووی تۆ کەوتە سەرجامی مەیمەوە، عارف بە خەندەی مەی «کاتی فرۆکردنی مەی بۆ نێو جام» لە تەماحی روو سـەرنجڕاکێشی تۆ دەستبەردانی مـەی بووەوە، کەوتە خاوییەوە واتە: کاریگەریی تۆ لە بادەکە بەهێزتر بوو بۆیە خاوی کردەوە.

## شـانازیی حافظ بە خودی شـیعری خۆیەوە

خـەواجـە هێندە باوەڕی بـە خـۆی هـەیە، کـاریگـەریی شـیعرەکـانی جـارێکیـان بە ئاسـەفی دووەم «وەزیری حەزرەت سـولەیمان». جارێکیان بە نەفەسی عیسـا پێغـەمبەر، یان خـاتەمی داوود، یان سلێمـان پێغـەمبـەر... جـارێکیـان لەگـەڵ ئەسـتێرە و مـانگ و باڵندە، جـارێکیـان لەگـەڵ شنەی بەرەبەیـان دەدوێت، جـارێکیـان بـە شـەکـر و گـوڵاو. جـارێکیـان بە گـەوهـەر و دانەی فەڕ...

حـافز دەڵێ:

ژ چنگ زهره شـنیدم کـه صبـحدم می گـفت
غـلام حــافظ خــوش لـهجــهی خــوش آوازم

واتە: لە ئاوازی ئەسـتێرەی زوهرە بیسـتم کـە بەرەبەیان دەیگوت حـافز خزمـەتکار زوبان خۆش و خۆش ئاوازە.

زبـان کلک تـو حـــافظ چـه شکر آن گـــوید.
کـه گفتـهی سـخنت می برند دست بـه دست

واتە: حـافز زبانی پێنووسی تۆ چۆن سـوپاسگوزاری ئـەوە بێت کە قسـە و گـوتراوەکـانت دەست بەدەست دەگوازنەوە

باشـد ان مـه مـشـتـری درهـای حـافظ اگـر

مـی رسـد هردم بەگوش زهـره گلبـانگ رباب

واتە: ئەگـەر ئەو مـانگە ببـێـتـە كـڕیاری گـەوهـەرەكـانی حـافـز ئـاوازی خـۆش و تەرزی نەغمـەكانی بە گوێی ئەستێرەی زوهـرە دەگات دیسانەوە شیعرەكانی خۆی بە زاخاوی مێشك و دەرمانی دەردی دڵ بۆ بیماران دەخاتە روو.

شـفـا زگـفـتـەی شكر نشـان حـافظ جـوی

كـە حـاجـتت بـە عـلاج گلاب و قـند مـبـاد

واتە: لەش سـاغی لە گوتەی شـەكر پرژینی خـافـز داوا بكە كـە پێویسـتت بـە چارەسـەری گوڵاو و قەند نەبێت "چارەسەرێك بووە بۆ بەهێزكردنی دڵ"

كلك مـشكین تـو روزی كـە زمـایاد كند

ببـرد أجـر دوصـد بنده كـە آزاد كند

واتە: ئەگەر قەڵەمی مسكباری تۆ رۆژێك ئێمە یاد بكاتەوە، ئەوە وەكو پاداشتكردنی دوو سەد بەندە بە دەست دەهێنێت.

حـافظ أین گوهر منظوم كە از طبع أنگیخت.

اثـر تـربـیـت آصـف ثـانـی آسـت

واتە: حـافز ئەم مرواریيە هۆنراوانەی كە لە سروشـتی خۆتەوە دەرت هێناوە، كاریگەریی پەروەردەی ئاسەفی دووەمە.

گل بر جریدە گفتـەی حـافظ همی نوشت

شـعری كەنكتـەیش بە أز صد رسـالە بود

واتە: گوڵ شـیعری دەفتـەری حافزی لەسـەر چڵ دەنووسێ، شیعرێك كە خاڵێكی لە سەد نامە چاكتر بوو.

أی دل بیـا كـە مـا بە پناه خـدا رویم

ز ابخ آسـتین كـوناه و دست دراز دارد

واتە: ئەی دڵ وەرە ئێمـە پەنا بە خوا ببەستین لەوانەی كە قۆڵی كورت و دەستی درێژیان هەیە...

بەندە پێم وایە: وشـەی ز أبخ كـە بە "لەوانەی كە" راڤە كراوە دوورە لە مەبەستەوە، چونكە وشەی "أبخ" بە واتای "دەوروبەری رووخسار یان تەركی تاعەت" دێت.

واتای شـیـعـرەکـەم بەم شـێـوەیە دەبێت: ئەی دڵ وەرە با پەنا بـە خـوا ببـەسـتین لە رووخساری وازهێنەرەکانی تاعەت و دەستدرێژیی فرۆفێڵیان بە دوور بین

تیــر عــاشـق کش ندانم بر دل حــافظ کــه زد

این قدر دانم کـه از شـعر ترش خون مـی چکید

واتە: نازانم کێ تیرێکی عـاشق کوژی لە دڵی حـافز دا، ئەوەندە دەزانم کـە لە شـیـعری تەڕی خوێن دەچکێ.

حــافظ چو آب لطف ز نظم تـو مى چكد

حـاسـد چگو نه نکتـه توان بر آن گـفت.

واتە: حـافـز کـە ئاوی سـازگـار لە شـیـعـر و نەزمی تۆ دەتکێ، حـەسـود چۆن دەتوانێ رەخنەی لێ بگرێ.

حـافظ تو خـتم کن کـه هز خـود عـیان شـود

با مـدعی نزاع و مــحــاکـه چه حـاجت أست

واتە: حافز کۆتایی بە قسە بهێنە کە بەها و هونەری خۆت پێشان بدە چ پێویستە لەگەڵ مرۆڤی ئیدبعاکەر کێبڕکێ و دەمەقاڵە بکەیت.

لێرەدا خەواجە بێباکیی خۆی بەرامبەر نەیارانی شیعرەکانی دەردەخات و بە هونەری خۆی وەڵامیان دەداتەوە. بە پێویستی نازانێ کە مرومشت لەگەڵ ئەوانەی خۆیان بە شاعیر دەزانن بکات و کێبڕکێ بکات.

کس چون حافظ نکشید أز رخ أندیشـه نقاب

تـا ســر زلف ســخن رابه قلم شــانه زند

واتە: کەس وەکو حافز لەسەر روومەت و سیمای ئەندێشە پەردەی هەڵنەداوەتەوە، تاوەکو سەر زوڵفی ئاخافتن بە پێنووس شانە بکات.

آب حــیــوانش ز منـقــار بلاغت مـی چکد

زاغ کلک من بنام أیزد چه عـالی مشرب است

واتە: ئاوی "ژین" یان نـەمری لە نووکی پێنووسـی من بە بەلاغـەت دەتکێ، مـاشـەڵڵا وەکو باڵندەی قـەلەڕەش وایە کە ئاوی حـەیات لـە دەنووکی دەتکێ، کە چ هزرێکی بەرز و بڵندە و سەرچاوەکەی چەند بەرزە.



## ئامۆژگارییەکانی حافز

حافزی شیرازی بە وێنەی هەمەجۆر لە دوو بەیتەکانیدا ئامۆژگاری پڕ ئەزموون و پڕ واتا بەگشتی و تایبەت بە دۆستان و نەیارانی ئاراستە دەکات، پێم باشە چەندێک لەو بەیتانە بخەمە روو بۆ زیاتر ئاشنابوون بە بۆن و بەرامەی کارامەیی خەواجە.

شاهد آن نیست کە مویی و میانی دارد
بندەی طلعت آن باش کـــە آنی دارد

واتە: خۆشەویستی و جوانی ئەوە نییە کە قەد و کەمەرێکی رێکوپێکی هەبێت، بەڵکو خزمەتکاری رووخساری ئەو کەسە بە کە خوێن گەرمی هەیە.

با خرابات نشینان زکرامات ملاف
هر سخن وقتی و هر نکتە مکانی دارد

واتە: چاوەڕوانی کەرامات لە خەرابات نیشینەکان مەکە، چونکە هەر گفتوگۆیەک کاتی

خۆی و هەر تەلیسمێک جێگەیەکی هەیە.

مـرغ زیرەک نـزند درچمنش پردە سـرای

هر بـهـاری کـە بە دنبـالە خـزانی دارد

واتە: باڵندەی زیرەک لە گـوڵزاری بـە هـارێکدا خـێـوەت هەڵ نـادات کـە خـەزانی بە دوادا بێت.

مدّعی گو لغز و نکتە بە حافظ مفروش

کلک مـــا نیـــز زبانـی و بیـــانـی دارد

واتە: بانگەشـەکـەر گـوتـی: تەلیسم بە حـافـز مـەفرۆشـە، چونکە پێنووسی حـافـز زمـان و دەربڕینێکی تایبەتیی هەیە.

مـحـتـرم دار دلم کـاین مگس قند پرست

تا هـوا خـواه توشـد فـر هـمـایی دارد

واتە: ڕێزی دڵم وەکـو مێشـە کە شـەیدای شـیرینی قـەندە، تاکو شـەیدای تۆ بێ بەهای هومـایەکی هەیە کە بەسـەر هەر کەسـێکدا نیشـتـەوە دەبێـتـە خـاوەن دەسـەڵات و خـەڵاتی پاشایەتی وەردەگرێ «لێرەدا خەواجە داوای ڕێزگرتن لە دڵی شاعیر خوازیارە کە خۆی بە بچووک دەزانێت بۆ گەورەیی، وەک هوما دەگات بەڕێز گرتن.»

از عدالت نبود دور گرش پر سد حال

پادشـاهی کە بە همسایە گدایی دارد

واتە: لە داد پەروەرێک دوور نییە گەر پاشایەک حاڵی دراوسێ گەداکەی بپرسێت.

حـافظ علم و أدب ورز کـە در مـجلس خـاص

هرکــە رانیــست أدب لایق صــحــبت نبــود

واتە: حـافز، خـەریکی زانست و ئەدەبە، چونکە لە کۆڕی تایبـەتدا ئەوەی ڕەوشتی جوانی نەبێ شایانی هاوڕێتی نییە.

لێرەدا خـەواجە ئامـاژە بە گرینگی زانسـت و ڕۆڵی ئەدەب دەکات کە دەبێـتـە هۆی ئەوەی مرۆڤی جوانرەوشت شایانی هاوڕێتی بێت، پێوەندییەکی ناسکیش لە نێوان وشەی ئەدەبدا هەیە.

درخت دوستی نیشـان کە کام دل بە بار آرد

نهـال دشـمـن برکن کـە رنج بیـشـمــار آرد

واتە: درەختی دۆستایەتی بچێنە کە ئاواتی دڵ دێنێتە بەر، نەمامی دوشمنایەتی ریشەکێش کە، کە ڕەنج و سەختی بێشمار دێنێتە بەر.

زمانه گر بزند آتشم به حزمن عمر بگو بسوز
کــــه بـرمـن بـەبرگ کـــــاهـی نـیـــــست

واتە: ئەگەر دەوران ئاگری لە خەرمانی تەمەنم دا، پێی بڵێ بسووتێ، چونکە ئەو تەمەنەی من هێندەی بەرگی پووش و "کا"یەک بایەخی نییە.

## حافز و زمانی عەرەبی

خەواجە بە ڕاشکاوی باس لەوە دەکات کە شارەزاییەکی ئەوتۆی لە زمانی عەرەبیدا هەبووە، ئەویش لە چەندین جێدا لە غەزەلەکانی بەدی دەکرێت لە یەکەم غەزەلی (ألایا ایها الساقی ادر کأساً وناولها) تاوەکو چەندین بەیتی تر لە توێی بەرگی دیوانەکەیدا بەدی دەکرێت ئەمەیش ئەوەمان بۆ دەخاتە ڕوو کە شاعیر توانای ئەوەی بووە شیعر بە عەرەبی دابنێت.

لەم بەیتەی خوارەوە خەواجە ئەو واتایەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە:

اگر چه عرض هتر پیش یار بي أدبي أست
زبان خموش ولیکن دهان پر أز عربي آست

واتە: ئەگەرچی دەرخستنی هونەر بەرامبەر بە یار بێ ئەدەبییە زبانم بێدەنگە، بەڵام دەمم پڕە لە عەرەبی.

خەواجە بەیتی تەواوی بە عەرەبی گوتووە و تێهەڵکێشی فارسیشی کردووە بە عەرەبی زبان، ئەمەیش ئەوەمان بۆ دەخاتە ڕوو کە توانایەکی بێ وێنەی هەبووە، جگە لەوەی شارەزای شیعری کلاسیکی شاعیرە کۆنەکانی شیعری عەرەبی بووە.

ئەم غەزەلەی خوارەوەی حافز بە هەندێک گۆڕانەوە شیعرێکی "شەریف ڕەزی"ی داڕشتووە:

کـتـبت قـصـه شـوقی ومـدمـعی بـاکی
بیـا کـه بی تو بجـان آمـدم زغـمناکی

واتە: چیرۆکی شەیداییی خۆمم نووسی و چاوانم ئەشکبارە، وەرە کە بێ تۆ گیانم لە خەمدا لە دەرچوونە

أثر نماند ز من بی شـــمـــايلت آری
أري مــآثر مــحّــيــاي من مــحّــيــاك

واته: سیفاته جوانەکانی تۆ نەبێ کاریگەریی لەسەر من نییە، کاریگەریی رووخساری خۆم لە رووخسارتدا دەبینم.

يامــبــســمــاً يحــاكي درجــاً من اللآلي
يارب چه در خـور آمـد گردش خط هلالي

واته: ئەی ئەو خەندەیەی کە لە ریزە مرواری دەچێت، خوایە چی بەسەر خۆر داهاتووە هێلێکی کەوانی گرتووە (خۆر لە گرتندایە).

وفـا خـواهی جـفـا كش باش حـافظ
فــان الربح والخــسـران في التّــجـر

واته: وەفاداریت دەوێ حافز، جەفا کێش بە، چونکە زیان و قازانج لە سەوداکردن هەیە.

سبت سلمی  بصدغيها فؤادي
وروحــی کـل يـوم لـی يـنــادی

"سەلما" بە ئەگریجەکانی دڵمی دێوانە کردووە، روحیشم هەموو رۆژێک لە هاواردایە.

دل حــافـز شـد اندرچین زلف
بـلـیـلٍ مـظـلـمٍ والـلـه هــادی

واته: دڵی حافز لە زولفی تاری تۆدا کەوتووەتە شەوێکی تاریکەوە خوا هیدایەتم بێت «لەو تاریکییە دەربچم».

دمـوعی بعـدكم لا تخـقـروها
فكم بحـرٍ عـمـيقٍ من سـواقی

واته: بە چاوێکی سووکەوە مەڕواننە ئەشکی چاوانم، چەند دەریای قووڵ لە رووبارەوە دروست بووە.

ألا أی ســاروان منزل دوست
إلی رکبـانکم طال إشـتـياقی

واته: ئەی کاروانچیانی هەوارگەی دۆست، تامەزرۆی گوزەرتانم زۆری بە سەرچوو.

ألا ايـهــا الســاقی ادر كـــأســاً ونـاولهـــا
كه عشق آسان نمود أول ولي افتاد مشكلها

واته: ئەی بادەگێڕ جامێ بێنە و "مەی" تێکە بۆم، کە عیشق سەرەتا ئاسان دیارە، بەڵام سەخت و کێشەیە کە تێیدا بکەوی.

## وێنەی بێ وێنە

یەکێک لە جوانترین و کارامەترین و هونەرمەندانەترین غەزەلەکانی حافز لەلایەن وشە و هاوپیت و هاوفۆنۆتیکەوە کە کایەی جوانی رەوانبێژییان پێ دروست دەکات ئەم غەزەلەیە کە خەواجە حافز پێشانمان دەدات.

سـمن بويان غـبـار غم چو بنشـيند بنشـانند
پری روويان قـرار ازل دل چو بسـتيـزند بسـتانند
به فـتـراک جـفـا دلهـا چو بر بندند بر بندند
ز زلف عنبـرين جـانهـا چوبگشـايند بفـشـانند
زچشـمم لعل رمـانی چومی خندند، می بارند
ز رونيم راز پنهـانی چومی بيـبـيند می خـوانند
به عـمـری يک نفس بامـا چو بنشـينند بر خـيزند
نهـال شـوق و خـاطر چو بر خـيـزند بنشـانند
سـرشک گـوشـه گـيـران را چو دريا بند دُرّ يابند
رخ مـهـر از سـحـر خـيـزان نگردانند، اگـر دانند
چو منصـور أز فـرد آنان کـه بردارند بردارند
کـه به إين درد أگـر دربند درمـانند درمـانند
درين حـضـرت چو مـشـتـاقـان نيـاز آرند ناز آرند
بدين در گـاه حـافظ چومی خـوانند می رانند

واتە: ئەوانەی بۆنی یاسەمەنیان لێ دێت کە دابنیشن تۆزی خەم دەڕوێننەوە پەری چیهرەکانیش کاتێ کە دەست بدەنە کێبرکێ ئارامی دڵ دەبەن.

کاتێک کە دڵەکان بە بەندی ستەمەوە دەبەسترێن، ئیتر ناکرێنەوە.

کاتێ کە پرچی بۆن خۆشیان پەخشان دەکەن گیانەکان پەرژ و بڵاو دەکەنەوە فرمێسکی هەناری لە چاوانم دەبارێن کاتێک کە پێ دەکەنن.

کاتێ کە رازی پەنهانی روخساریشم دەبینن، تێدا دەخوێننەوە.
گەر دوای تەمەنێک تێگرا لە گەڵماندا دابنیشن، هەڵدەستنەوە.
کاتێ کە هەڵدەستن نەمامی تاسە لە دڵماندا دەچێنن.

کە ئاورِ لە فرمێسکی گۆشەگیران بدەنەوە، مرواری بە دەست دێنن ئەگەر بشزانن رووی میهر و عەشق لە شەو بێداران وەرناگێرن.

ئەوانەی کە وەک مەنسوور شتێکیان لە ئاوات هەیە، بە دارەوەن
چونکە ئەگەر بەم دەردەوە بە دوای دەرماندا وێڵن، ئەوە بێ چارەن.
کاتێ کە تامەزرو وان رووی کەساسی و داوا دەکەنە ئەم ئاستانەیە.

نازیان بەسەردا دەکرێ، کاتێ کە حافزیش بۆ ئەم دەرگەیە داوات دەکرێ، دەری دەکەن.

## پەند و فەلسەفە و حیکمەت لە شیعری حافزدا

خەواجە حافز هیچ کاتێک بێ حیکمەت و پەند و فەلسەفە لە فەزای شیعرەکانییەوە بەدەر نەبووە، لە هەر خشتێکدا بە قووڵی شۆرِ دەبێتەوە ناخی یار و یاوەر، قوفڵێک لە زنجیری مەبەستێک دەدات.

مۆرکی لێهاتوویی وەستایانەی خۆی بەسەردا بەجێ دەهێڵێ. کە تاوەکو ئێستا زۆربەیان بە داخراوی ماونەتەوە و پێویستیان بە لێکدانەوەی قووڵ هەیە.

با پێکەوە گوزەرێک بەناو ئەو گەنجینەیەدا بکەین و تاوتوێیان بکەین، حافز دەڵێت:

نه هرکه چهره بر أفروخت دلبری داند
نه هرکه آیینه سازد سکندری داند

واتە: ئەوە نییە کە هەر کەسێ رووخساری رازاندەوە دولبەری دەزانێت، هەر کەسێکیش ئاوێنەی دروست کرد ئەسکەندەر بێت؟

بەڵێ، جوانی مرۆڤ لە ئارایشتکردن نییە، تەنیا، بگرە جوانی رەوشت و ناخ و هەستە. مەرجیش نییە هەر کەسێک کارێکی ئەنجام دا، وەستایانە بێت. لێرەدا پێوەندییەکی قووڵ لە نێوان جوانی و ئاوێنە هەیە، ئاماژەیشە بۆ کارامەیی ئەسکەندەر و جوانی و ناوبانگی وەستایانەی ئەسکەندەر.

نه هر کس کله کج نهادو تند نشست
کلاه داری و آیین سروری داند

واتە: مەرج نییە هەر کەسێک کڵاوی لار کردەوە، دانا و قنج دانیشت ڕێڕەوی کڵاوداری و سەروەری بزانێت.

بەڵێ: مەرج نییە مرۆڤ قنج و قیت دانیشت، کڵاوی لار کردەوە، لە ڕێڕەویکردنیدا سەروەری بە دەست بهێنێت.

غەنیمەت دان می خور درگلستان

کە گل تا هفتەی دیگرنبا شد

واتە: بە هەلی بزانە و لە گوڵزاردا مەی بنۆشە، چونکە هەفتەیەکی تر گوڵ نامێنێت.

لێرەدا خەواجە گوزەران و خۆش بە سەربردنی کات لە کاتی خۆیدا بە هەل دەزانێت و نایخاتە ڕۆژێکی تر، چونکە هەل ڕەخسا، دەبێت لە دەست نەدرێت.

سواد نامەی موی سیاه چون طرشد

بیاض کم نشود ور صد انتخاب رود

واتە: کاتێ مەرەکەبی نامەی مووی ڕەش تەواو بوو، ئیتر سپێتی تەواو نابێتەوە ئەگەر سەد جار بیژمێری.

چنین کە از همە سو دام رە می بنیم

بە از حمایت زلفت مرا پناهی نیست

واتە: لەبەرئەرەی لە هەموو لایەکەوە داوی سەرەڕێ دەبینم، چاکتر وایە بکەومە داوی زولفی تۆوە و بیکەمە پەناگاهی خۆم؟

دیدە را دستگە درّو گهر گرچە نماند

بخورد خونی و تدبیر نثاری بکند

واتە: گەرچی چاوانم سەرمایەی دوڕ و گوهەری "فرمێسک ڕشتن"ی نەماوە، لە جیاتی فرمێسک خوێنی لێ دەڕێژێ بۆ قوربانیی ئەو یارە.

رشتەی تسبیح اگر بگست معذورم بدار

دستم أندر ساعد ساقی سیمین ساق بود

واتە: ئەگەر بەندی تەزبیحەکەم پچڕا، لێم ببورە، چونکە دەستم لە قۆڵی ساقی زیوین ئەندام بوو.

**بەرئەنجام**

سەرجەم غەزەلەکانی خەواجە محەمەد شەمسەدین شیرازی هیچ کاتێک لە پێنج سەد غەزەل زیاتر تێپەڕیان نەکردووە، ئەگەر تەماشای نوسخەکانی سەردەمی نزیک بە حافز بکەین وەکو دەستنووسی ئاغا سید عەبدوڕەحمان خلخالێ کە ساڵی نووسینی لە ٦٢٧ واتە سی و پێنج ساڵ پاش وەفاتی خەواجە نووسراوەتەوە، دەبینین سەرجەم غەزەلەکانی ٤٩٥ غەزەلە. بەڵام هەرچەند دوور بکەوینەوە دەبینین غەزەلەکان زیاتر بوونەتەوە، تاوەکو ژمارەیان دەگاتە ٦٠٠ غەزەل ئەگەر بەراوردی نوسخەی "رەشید یاسمی" بکەین پاش سەدەی یازدیەم نووسراوەتەوە، واتە پاش پێنج سەدە دوای چاپی سەردەمی حافز دەبینین ٥٦١ غەزەلە تاوەکو نوسخە خلخالێ ١٣٠٦ دەگاتە ٥٨٩ غەزەل. نزیکەی سەد غەزەلی هاتووەتە سەر، تاوەکو دوایین چاپی تەهران سێ سەد غەزەلی خراوەتە سەر...

من ناڵێم ئەوانەی خراونەتە سەر دیوانەکەی هی حافز نین دڵنیاشم هەندێکی زۆر لەو غەزەلانە دوورن لە حافزەوە، چونکە حافز هەندێ رواڵەتی هەیە ئەگەر بەسەر ئەو غەزەلانەدا پەیڕەو بکرێت ئەوە بۆمان دەردەکەوێت هێن حافزن یان نا.

ئەو رواڵەتانەی لە شیعرەکانی حافزدا بەدی دەکرێن ئەمانەن:

١- حافز بڕوای بە پلە و پایەی بەرزی مرۆڤە.

٢- بڕوای بە لافاوی بەزەیی و لێبووردنی خوا هەیە.

٣- دوژمنی ریا و ریاکارانە بە ناپاکیان دەزانێ نەبەردانە بەرامبەر ئەو کەسانە دەوەستێت کە واتا و کرداریان جوودان.

٤- بە هانای نائومێدانەوە دێت، موژدەی خۆشی و هیوایان پێ دەبەخشێت دەوڵەمەندی لە هەژاریدا دەبینێت. جگە لەوەی بنیاتی داڕشتنی وشەکان و ئاوازی تایبەتی حافز ریتمی بۆن و بەرامێکی جیاوازی هەیە بەزەقی لە شیعرە خراوە پاڵەکاندا بەدی دەکرێت.

**سەرچاوەکان:**


١- دیوان حافظ، د. محمد قزوینی و د. قاسم غنی - تهران.

٢- شەونم - وەرگێڕانی سەد غەزەل - عەباس حەقیقی - تهران.

٣- برهان قاطع (٦ بەرگ)- د. محمد معین - تهران.

٤- مەحرەمی راز (٣ بەرگ)- ئەکرەم عەنەبی - هەولێر.

٥- سایتی ئەنتەرنێت، بابەت - دیوانی حافز.


کەرکوک ٢٠٠٩